# پێشكەش كردنی پارە لەكاتی منالٌ بووندا

## تقديم المال عند الولادة

< كوردي >


شێخ محمد كوڕی صالح كوڕی عوثەیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

الشيخ محمد بن صالح بن عثيمين (رحمه الله )



وەرگێرانی : دەستەی بەشی كوردی ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# پێشكەش كردنی پارە لەكاتی منالّ بووندا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد كوڕی صالح كوڕی عوثەیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) كراوە :

**پرسیار :** ئایا ڕای شەرع چیە لەسەر ئەوەی هەندێك لە ئافرەتان پێی هەڵدەسن، كاتێك ئافرەتیكی هاوڕێیان خوای گەورە منالّێكی پێدەبەخشێت، هەڵدەسن بە پێشكەش كردنی بڕێك پارە كە بە (الحفالة ) ناو دەبرێت، كە مەبلەغێكی زۆر پارەیە، وهەندێك جار لەسەر شانی پیاوەكانیان قورس و گرانە، بۆیە هەندێك جارئەم مەسئەلەیە گرفت و كێشەی دروستكردووە بۆ هەندێك لە خێزانەكان، ئایا ئەم بابەتە بنەمایەكی هەیە لەشەرعدا ؟

**وەلاّم :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەلاّت وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

دیاری بردن بو منالّی تازە لەدایك بوو لە بنەمادا هیچ گرفتێكی تێدا نیە، چونكە ئەصڵ و بنەما لە دیاری بردندا لە هەموو مامەڵەكاندا حەلاّلیەت و دروست بوونە، جگە ئەوە نەبێت بە بەڵگەیەكی تایبەت حەرام ویاساغ كرا بێت .

جا ئەگەر هاتوو خەڵكی لەسەر ئەو عورفە ڕاهاتبوون كە هەر ئافرەتیك منالّی بوو خزم وكەس و دۆستەكانی بڕێك پارەی بۆ بەرن هیچ گرفتێكی تێدا نابینرێت، ئەگەر هاتوو ئەو كەسە وەك عورف وعادەتیكی ناو كۆمەڵگا ئەو كارەی كرد نەك وەك عیبادەت و پەرستنێكی خوای بڵند وپایە بەرز، چونكە من هیچ شتێكی وام نەبینیوە لە سوننەتدا كە بەڵگە بێت لەسەر ئیستحبابی ئەو شتە، بەلاّم لەم ڕۆژگارەدا وەك عورف و عادەتیكی خەڵكی لەسەری ڕاهاتوون، بەلاّم ئەگەر هاتوو ئەم عورف و عادەتە بوو بەمایەی زیانگەیاندن بە كەسێك، ئەو كاتە دەبێت زیانگەیاندن نەبێت بە ڕەوشت و سلوكێكی ناو كۆمەڵگە ...

جا ئەگەر هاتوو ئەم عورفە وەك ئەوەی باسكراوە لە پرسیارەكەدا، بوو بەهۆی بارگرانی و ئەرك قورسی بەسەر پیاوەكانەوە، بەوەی ژنەكانیان پێداگری بكەن لەوەی كە دەبێت هەر ئەو پارەیەی بداتێ و بیبات بۆ فلاّن ئافرەت كە منالّی بووە، ئەوە لەم كاتەدا دەبێت ڕێگری لێ بكرێت و بەكارێكی نەخوازراو سەیر بكرێت،

چونکە دەبێت بۆهۆی ئەزیەتدانی پیاو ئیحراج بوونی لەناو خەڵکیدا، بەڵام ئەگەر هاتوو عورفەکە تەنها ئەوە بێت کە بەشتێکی سادە وئاسان دیاری ببرێت بۆ ئەو ئافرەتەی منالّی بووە، بۆ زیاتر برەودان بەخۆشەویستی نێوان خێزانەکان هیچ گرفتێکی تیدا نابینرێت ..

خوای گەورەش زاناترە ...